کۆشکی سپی
نوسینگەی جێگری سەرۆک

2ی ئەیلولی 2015 — بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

کورتەی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جوزێف بایدن و سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جۆزێف بایدن ئەمڕۆ قسەی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادیدا کرد.
جێگری سەرۆک دووپاتی پابەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای لەژێر ڕۆشنایی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیژیدا بۆ عێراقێکی یەکگرتوو فیدراڵ و دیموکراسی دەربڕی هەروەک ئەوەی لەدەستوری عێراقدا پێناسەکراوە.
جێگری سەرۆک زیاتر دووپاتی کردەوە کەوا بۆ جێبەجێکردنی ئەم پابەندیە هەموو یارمەتیە سەربازیەکانی ئەمەریکا لەشەڕی دژ بەداعش لەسەر داواکاری حکومەتی عێراق دەبێت و وەپێویستیشە لەرێی هەماهەنگیکردن لەرێی حکومەتی عێراقەوە بن.

جێگری سەرۆک و سەرۆک وەزیران هەروەها قسەیان لەسەر پێشکەوتنە ئەمنیە هەنوکەییەکانی نو عێراق کرد.
جێگری سەرۆک ئاماژەی بە پابەندی ئەمەریکا کرد بۆ یارمەتیدانی عێراقیەکان لە دەرهێنانی خاکەکەیان لەژێر دەستی داعش ، وە سەرۆک وەزیران سوپاس گوزاری خۆی بۆ هەماهەنگی ئەمەریکاو گورزەسەربازیەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەربڕی لەپشتیوانیکردنی هێزە عێراقیەکان و ئەو هێزە عێراقیە خۆبەخشانەی کەلەژێر فەرماندەیی حکومەتی عێراقدان. جێگری سەرۆک پرسەی خۆی بەناوی حکومەتی ئەمەریکاوە بۆ قوربانیانی دەستی کردەوە تیرۆرستیە وەحشیگەراکانی داعش دەربڕی ، بەتایبەتی ئەو سەیارە بۆمبڕێژکوانەی لەم ڕۆژانەدا خەڵکی مەدەنیان لەبەغداد کردەئامانج. هەردوو سەرکردە پابەندی هاوبەشی خۆیان بۆکارکردن بەیەکەوە دەربڕی بۆ تێکشکاندنی داعش و یارمەتیدانی هێزە عێراقیەکان لەپاراستنی سەروەری و سەربەخۆیی تەواوی عێراق.

###